# چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و  کارخانەی یاری منداڵانی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو (وەڵامێك بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

**علی محمود محمد-بەشی دووەم**

## گۆڕان بە گوێرەی هەلومەرج



گۆڕەپانی تیان مین ساڵی 1989

**یەکێك لە نەگبەتییەکانی ماویزم ئەوە یە بە شێوەی هێزێکی  جدی ڕاستگۆ بەرامبەر خەباتی چینایەتی نەهاتە عێراق و کوردستانەوە , ئەگەر لە فلیپن و پیرۆو تورکیاو ئێران و نیپاڵ و دەیان وڵاتی کە هەواداران و دڵسۆزانی ئەم خەتە سیاسییە توانییان ئاڵاکەی بە بەرزکراوەیی ڕاگرن لە ناسکترین هەلومەرجی سیاسیدا کە مارکسیزم لە جیهاندا پاش کۆتایی شەڕی سارد پێیدا تێپەڕی , بگرە سەرسەختترین بەشی کۆمۆنیستەکان بوون و تا ئێستاش لە زۆر وڵاتان ئاڵای خەباتی چەکدارییان بەرز ڕاگرتووە .  ئەوا لە عێراق و کوردستان  پێش  ڕوخانی دیواری بەرلین بەشی زۆری بە ناو  مارکسی  و  ماوییەکان  هەڵگەڕانەوەو  پاشگەزبونەوە  لە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مارکسیزم , نەك نەیان توانی کەمترین بەرگری بکەن لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکان , بگرە کەشتی باوەڕی خۆیان دایە دەست شەپۆلی سەرکەوتوەوە , بەو هەموو دروشمە باق و بریقە زلانەی پێشتر بەرزیان کردبوەوە پەیوەست بوون بەو بیروباوەڕەی تا ماوەیەك نزیك لەوە پێش لە ڕوخاندن کەمترییان ناخواست بۆی , بونە تابوری پێنجی بۆرژوازی دژ بە مارکسیزم لە ناو بزووتنەوەی سۆسیالستی , ڕیزی هێزە ئیسلامییە شیعەگەراکان و پارتە نەتەوەییە کوردییەکان و بەعسییەکان ڕڕن لەو جۆرە تێکۆشەرانە و پێویست بە ناوهێنان و ڕیز کردنی ناوییان ناکات , بەشی زۆریان ئێستا پلەی بەرزیشییان لە ناو ئەو لایەنانە گرتووە , لەبەر درێژی لیستەکەیان بۆ ڕیز کردنی ناوەکانییان کاغەزیش جێگەی نابێتەوە .

هۆی ئەم تەقلە سیاسییە بۆ مارکسییە کوردەکان بە گشتی و ماوییەکان کە بابەتی ئێستامانە بە تایبەتی دەتوانیین بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە ئەوان لە ژێر کاریگەری سەرکەوتنە سەربازییەکانی سوپای ڕزگاری گەل لە چین و ولاّتانی دیکە بە ئامانجی ڕزگاری کوردستانەوە ئەو بیروباوەڕەیان پەسەند کرد , دەیانویست لە ماوییەت و مارکسیزمدا ڕزگاری نەتەوە ببیننەوەو کۆپی ئەزمونە سەرکەوتووەکانی ئەو وولاّتانە بکەن لە کوردستان , هەروەها بوونی ئەو وولاّتانە بە جەمسەرێکی گەورەی جیهانی ویستییان وەك پالّپشتێك بۆ خۆیان بەکاری بهێنن , نەك بەهۆی باوەڕ بوون بە سۆسیالیزم و پەسەند کردنی مارکسیزم وەك پڕۆژەیەکی ئابوری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسی کۆمەلایەتی فەرهەنگی سەربەخۆ بۆ دابین کرنی یەکسانی لە کۆمەڵدا بە ڕزگاری کوردستانیشەوە .

پاش ڕوخانی دیواری بەرلین کە مارکسیزم و ماویزم لە جیهاندا ڕەونەق و هێزی جارانی نەما و پاشەکشەی کرد , ئەمانیش وەك زۆرێك لە مارکسیستەکانی کە بە کۆمەڵ لە ڕابردوی خۆیان پاشگەز بونەوە , تەقڵەی ئایدۆلۆجی وایان دایەوە 180 پلە لە چاوییەوە ڕاستە ڕێیە .

دەمەوێت بپرسم ئایا کاك بەختیاری پاش ساڵی 1992 کۆپی کاك بەختیاری پێش ساڵی 1992 ە؟؟؟؟ , یاخود تەواو دوو مرۆڤی جیان لە ڕوی بیروباوەڕ و بۆچونی سیاسییەوە .

وەك مرۆڤ هەردوو کاك بەختیار لە هەمان گۆشت و ئێسك و پێکهاتەکانی کە پێك هاتووە , بەلام وەك بۆچوونی سیاسی , پەیوەندی کۆمەلایەتی , بیرکردنەوە دوو مرۆڤی تەواو لە یەکتر جیان , کاك بەختیار لۆ خۆشی نکۆڵی لەمەدا نییە . جوتیارانی کورستان و ناسیوانی کاك بەختیار ئەوانەی لەو دوو قۆناغەدا پێی ئاشنا بوونە و گوێ بیستی ووتەکانی بوونە و بە هەڵسوکەوتی شارەزان دەتوانن خاڵە جیاوازەکانی هەردوو بەختیار دیاری بکەن لەودوو ماوەیەدا , لە حالەتی پێش 1992 بەختیارێکی باوەڕ بە مارکسیزم لە زاهیردا , نیەتیش لای خۆیەتی ( هەڵسوکەوت لەگەڵ هەژاران پێویستی بە گوزارشتی هاوڕێیانی ئەو کاتەیە ) , هەرچی کاك بەختیاری پاش ساڵی1992ە , ئەو کاك بەختیارەیە کە ڕۆژانە بۆچونەکانی دەبیستین .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تازەگەری پرنسیپێکە پارێزەرترین کەس و بیروباوەڕ جگە لە فەندەمینتالیستەکان نکۆڵی لیٚ ناکەن , بەڵکە خۆیان بە پێشەنگی دەزانن , بە مانای تەسلیم بوون نییە بە نەیارانی سیاسی و ئایدۆلۆژی دوێنیٚ , دژ وەستانەوە نییە بە هەموو بیروباوەڕەکانی ڕابردوو , بەڵکە خوێندنەوەی نوێی واقعی خەباتە و ڕێکخستنەوەیەتی بە گوێرەی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو گەیشتن بە تێڕوانینی نویٚ گوزارشت بێت بۆ داهاتوو , داواکاری یەکسانیش هیچ کات نابێت بە خەونێکی ڕابردوو , بەڵکە مرۆڤایەتی هەموو کات خەونی یەکسانی بینییوە بۆ داهاتوو, چەوساندنەوەو نا یەکسانی ڕابردووە بە ئێستاشەوە , بەڵام یەکسانی خەونی مرۆڤایەتی بووە لە سەردەمی شۆڕشی سپارتاکۆسەوە بۆ ئێستا.

بە بڕوای من و تێگەیشتنم بۆی قسە کردنی کاک بەختیار لەمڕۆدا لەسەر چیێ لە دڵسۆزیی بەڕێزییەوە نییە بۆ ماویزم و وەفادارییی نییە بۆ سۆسیالیزم و باوەڕ بوون نییە بە مارکسیزم , خۆشی لەوانەیە هەر باوەڕی وابێت , بەڵکە هەوڵدانێکە بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ هێزێکی گەورە لە داهاتووی جیهاندا وا بەڕێوەیە , تارمایی ئەو هێزە بە ئاسمانی ئاسیاوە زەندەقی دەوڵەتان و بەرهەم هێنەرانی جیهانی سەرمایەداری بردووە , ئەو هێزەی لە دەیەی چواری ئەم سەدەیە بە دواوە دەبێتە گەورەترین هێزی ئابوری-سەربازی لە جیهاندا (دواتر بە درێژی قسەی لەسەر دەکەین) .

بۆیە خۆڕێکخستن لەگەڵی لە هوشیاری ئەو لایەنەوەیە کاک بەختیار نوێنەرایەتی دەکات و ئاگادار بونییەتی لە گۆڕانکارییەکانی جیهان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

, نەك وا تێبگەین ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕابردوییەی بە بڕوای ئەوان لەگەڵ ڕوخانی دیواری بەرلیندا بوو بە ڕابردوو و بەرگەکەیان نەك لەبەر خۆ داکەند بەڵکە سوکایەتیشییان پێی کرد .

نووسەر لە جیاوازی نێوان هەڵوێستی شورەوی و چین بەرامبەر بە ڕیفۆرم وەك دوو قوتابخانە و سستەمی جیا لە ئۆردووی بەناو سۆسیالستی لایەنگری لە ماوییەت دەکات وەك پاساوێك بۆ بەرهەق بوونی بۆچونی ڕابردووی خۆی لەناو بزوتنەوەی سۆسیالستیدا , بە بیٚ ئەوەی بەڵگەی مێژووی پیٚ بێت بۆ دەربڕینی بۆچونەکەی و داکۆکی لە تێڕوانینەکەی , بەڕێزی دەنووسێت :-

(شورەوی هەتا دارمانی سستەمەکەیان , توندڕەو بوون . بەبیٚ ئەوەی ئەلتەرناتیڤییان گەڵاڵە کردبیٚ . چین پێش شورەوی کەوتە خۆی و بەرنامەی ڕیفۆرمی وڵاتەکەی وگەڵاڵە کرد . بەڵام ڕیفۆرمێکی لە یەر خۆ نەك بە ئەقلییەتی کودەتا . لە شەستەکانەوە مەسەلەی ڕیفۆرم لە چیندا هاتۆتە ئارا. لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە ڕیفۆرم کرایە پڕۆژەی ستراتیژی.)

مەیدانی تیان مین لە پەکین ( تیان مین بە مانای ئاشتی ئاسمانی دێت ) گەورەترین گۆڕەپانی جیهانە (جەزیرە نێت 28-1-2003) .

هاوکات بەشێك لە گەورەترین ڕوداوە مەزنەکانی سەدەی ڕابردوو لەم گۆڕەپانەوە سەریان هەڵدا , لە داهاتووشدا زۆر ڕوداوی گەورە بە خۆوە دەبینیٚ و دەبێتە گەورەترین گۆڕەپانی سیاسی لە جیهان .

ماوتسی تۆنگ لە گۆڕەپانی تیان مینەوە بانگەوازی سەرکەوتنی شۆڕشی بە جیهان گەیاند و چینی میلی ڕاگەیاند.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



ماو لەو شۆڕشەدا چینی ڕزگار کرد لەو بێهۆشییەی داگیرکەران لە شەڕی ئەفیوندا لە جەستەی وولات و گەلی چینییان چاندبوو (بەیان-7-10-1999) . شەڕی ئەفیون و ئیستعمار و گەندەڵی سەرچاوەی هۆی دواکەوتنی چین بوون لە کاروانی شارستانییەت کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ چین لە پێشەوەیدا بوو .

هەمان گۆڕەپان لە ساڵی 1989 بووە ناوەندی ڕاپەڕین و یەکلاکردنەوەی داهاتووی چین و ڕەوتی چاکسازییەکان لەو وولاتە . مەیدانی تینامین لە ساڵی 1989دا زیاتر لە 5000 کەسی تێدا کوژرا و هەزارانی کەشی تێدا بریندار بوو , لەو خۆپیشاندانەدا کە 1 ملوێن مرۆڤ بەشدارییان تێدا کرد , خۆپیشاندان زۆربەی زانکۆکانی چینی گرتەوە بە پانایی و درێژی وولات . هەرچەندە قوتابییان بە سرودی ئەنتەرناسیۆنال دەستیان پێکرد , بەڵام بە گولەی سوپای گەل پارێزەرانی ئەنتەرناسیۆنالیزم وەڵام درانەوە , ناڕەزایی ئەوان زیاتر دژ بە گەندەڵی و گرانی بوو نەک سستەمی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسی و ئابوری سۆسیالستی (بەیان 21-9-2004) . لەو گۆڕەپانە سرودی ئەنتەرناسیۆنالیزم و دەنگی تانك تێکەڵ بوون , سەرکوتکەرانی خۆپیشاندانە خوێناوییەیەکەی تیان مین هەمان ئەندازییارانی ئەو چاکسازییە بوون کە کاك بەختار بە نەرم ڕەو ناوییان دەبات (دینغ ئەندازیاری بیری یەك وڵات و دوو سیستەم و چاکسازییە لە چین , لە هەمان کاتدا هەر دینغ بۆ خۆی ئەندازیاری لێدانی خۆپیشاندەرانیشە لە پەکین) ( شەرق ئەوسەت 22-8-2004) .

نەك هەر بەرامبەر خۆپیشاندەران بەو شێوە زەبرو زەنگاوییە مامەڵە کرا لە وڵاتی چینی چاکسازی و نەرم ڕەوی , بەڵکە کەسی دووەمی وڵات تەنها لەبەر ئەوەی هەڵوێستی ئاشتیانەی وەرگرت و دەیەویست بێ خوێن ڕشتن کێشەکە چارەسەر بکرێت , پێش لێدانییان داوای لە قوتابییان کرد بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە , لەسەر کار لابراو تا مردنی خرایە ژێر چاودێرییەوە , کەچی یەڵسن لە سۆڤییەت بە پێچەوانەوە لە چالاکی سیاسی ئازاد بوو تا سۆڤییەتی بەرەو هەڵوەشاندنەوە برد , بە ئاشکرا چلاکی بۆ هەرەسی ئەو وڵاتە ئەنجامە دا بەرامبەریشی هیچ نەکرا .

زەهاو سینغ لە ساڵی 1989 ەوە لە ژێر چاودێری توندابوو تا سەری نایەوە , بەهۆی مامەڵەی نەرمی لەگەڵ قوتابیان کە دژ بە گەندەڵی و بەرزبونەوەی جیاوازی داهاتی نێوان هاوڵاتییان و بەرینکردنەوەی دیموکراسییەت ڕاپەڕین , هەرچەندە پێشبینی وابوو ناوبراو لە ژیانی سیاسی چیندا جێگەی دینگ شیاو پینگ بگرێتەوەو ببێتە کەسی یەکەم ( جەزیرە نێت - بی بی سی-سی ئێن ئێن - بەیان 17-1-2005) .

((زەهاو سینغ لە ساڵی 1919 لە دایك بووە , لە خێزانێکی مەلاکی گەورەی زەوی , لە ساڵی 1949 ئەندازیاری چاکسازییە کشت و کاڵییەکان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بوو له هەرێمی قواندۆغ , ساڵی 1967 پاش شۆڕشی فەرهەنگی وازی له کارەکەی هێنا , ساڵی 1971 دەست بەکار بوەوە , ساڵی1979 بوو به ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیست , ساڵی 1980 دینغ به سەرۆك وەزیرانی چینی دیارییکرد , ساڵی 1988 بوو به ئەمینداری گشتی پارت و لەبەرواری 24–6–1989 پاش ڕوداوه خوێناوییەکەی تیان مینەوه له ماڵەکەی دەست بەسەر بوو , تا له 2005سەری نایەوە(حیات 18–1–2005 عدد 15268) )) . چین پاش مردنی زەهاو سینغ ڕای گەیاند شێوەی مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ تیان مین ڕاست بوو . واته پەشیمان نین لەو خوێنەی لەو کارەساتەدا ڕژا , چینییەکان پێیان وایه بەو شێوەیه مامەڵەیان نەکردایه ئەوا یەکپارچەیی خاك و خەڵکی چین دەکەوته مەترسیەوەو له بری ئەو گەشه ئابورییەی ئێستا ئەگەری هەژاری و دواکەوتوویی دەکرا , وەك وڵاتانی دیکەی ئەوروپای خۆرهەڵات و ئاسییای ناوەڕاست .**

**هەقیقەت وایه ئەو سەرکوت کردنه توندە نەبوایه ئێستا چین له بارودۆخێکدا بوو کاك بەختیار ئەمڕۆ حەسودی پیٚ نابرد , وەك چۆن ئەمڕۆ هەموو جیهان حەسودی پیٚ دەخوازێت , چین بەو ئامارەوە بەرەو لێکترازان هەڵوەشاندنەوەو نا ئارامی سیاسی بڕۆیشتایه , ڕێکخستنەوەی سانا نەبوو , کارەساتی گەورەی بۆ مرۆڤایەتیی دروست دەکرد .**

کەواته هەر لێرەوه خوێن بەرچاوی ڕەوتی چاکسازییەکانی چینی گرت , ئەزموونه نوێکانی هەردوو وڵات سەبارەت به هەڵوێستییان بەرامبەر به چاکسازی تەواو دژ به بۆچونەکان کاك بەختیاره .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چین تەنها بەرامبەر خۆپیشاندەرانی تیان مین بەم شێوەیە مامەڵەی نەکرد , بەڵکە بەرامبەر موسڵمانە یاخییەکان لەوە خراپتر جوڵایەوە , لە ساڵی 1990ەوە زیاتر لە 3000 ئیغۆری موسڵمان لەجەنگەکان بەدەست پۆلیسە چینییەکان کوژران (بیان – 26-9-204).

شۆڕشی چین تا سەرکەوت بە خوێن مێژووی نوسرایەوە , لە قەتل و عامی کۆمۆنیستەکانەوە چەخماخەی دا ( لە ساڵی 1927 دا 38000 کۆمۆنیستی سقێل لەقواندۆغ قەلاچۆکران , لێرەوە خەباتی چەکداری دەستی پێکرد (بییر روسیە –بەشی سێیەم 18-1-2005 1079 – حوار تمدن) . لەو کاتەی قەلاچۆکران لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە خەباتی چەکداری ڕانەگەیەنرابوو , بەبێبەزەیترین شێوە ئەو کرێکارانە خەڵتانی خوێن کران . زەبرو زەنگی چینە دەسەلاتدارەکان زەبرو زەنگی بەرامبەری بەرهەم هێنا , ئەوان کۆمۆنیستەکانییان ناچار کرد ڕێگەی زەبروزەنگ بگرنە بەر لە دژییان و خەباتی چەکداری ڕابگەیەنن .

**کۆمۆنیستە چینییەکانیش لە دوای سەرکەوتنییان لەگەڵ نەیارانی چینایەتی خۆیان نەرمییان نەنواند , بە شێوەی توند مامەڵەیان کرد ( 3 ملیۆن کولاکی چینی لە نێوان ساڵانی 1950-1952 تیا چوون) (پاشکۆی هەواڵ –ژمارە 10-عومەر خدر ڕەسوڵ ) .**

**ئێستا چین یەکێکە لەو وولاتانەی حوکمی هەڵواسینی هێشتا تێدا پەیرەو دەکرێت , لە پێشەوەی پەیرەوکەرانی هەڵواسینە لە جیهاندا (چین 726- ئێران 108- ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا 65- ڤێتنام 64) , لە جیهاندا لە کۆی 195 وولات , حوکمی هەڵواسین تەنها لە 117وولات ماوە (بەیان 8-4-2004) .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

با  بگەڕێینەوە بۆ دواوەوە و کەمێك مێشکمان بگوشین ئەو زانیارییانە بهێنینە پێشەوە کە سەردەمانێك مارکسیزم مۆدەی سیاسی بوو بەردەوام دەمان ووتەوەو شتمان لەسەری دەخوێندەوە , بە کورتی و قولتر چاوێك بە مێژووی چاکسازییدا بخشێنین لە سۆڤییەت , بزانیین دەتوانیین بۆشاییەك بۆ سەلماندنی بۆچونەکان کاك بەختیار بدۆزینەوە , ئەوەی کەمێك لە مێژوی کۆمۆنیزم سەری دەرچێت و لە ئەلف و بێی ئەو بزووتنەوەیە ئاگادار بێت ئاگاداری سیاسەتی نیپە , سەرکردەکانی شورەیی بە ڕابەرایەتی لینین لە کۆنگرەی 10 ی پارتی کۆمۆنیستی شورەیی لە ساڵی 1921 دا پەسەندییان کرد و بڕیارییان لەسەردا . بە گوێرەی ئەم سیاسەتە ئابورییە نوێیە , پڕۆژەی ئابوری ووڵات لە دەست بەسەرا گرتنی زیادە لە پێداویستییەوە هاتە سەر سەپاندنی باج بەسەر زیادەی بەرهەمدا , واتە دەست بەسەردا گرتن بە بەرژەوەندی باج وەرگرتن گۆڕا , ئەمەش سەرەتای ڕیفۆرمی ئابورییە لە بیرو ئابوری سۆسیالستی . بەهۆی سیاسەتی نیپەوە جوتیاران دەیان توانی زیادەی بەرهەمەکەیان لە بازاردا بفرۆشنەوە , لە هەمان کاتدا بازرگانانیش بۆیان هەبوو زێدە بەرهەمەکانییان لیّ بکڕنەوەو لە بازاڕدا بیفرۆشنەوە , بەمەش مامەڵەو بازاڕ جوڵەیان تێکەوت , هەروەها بڕیاری دامەزراندنی کۆمپانییای هاوبەش لە نێوان دەوڵەتی شورەوی و سەرمایەدارانی ناوخۆو دەرەوە درا , وەك هەنگاوێك بۆ پشتگیری کردن لە سەرمایەگوزاری ناوخۆو دەرەوە . ترۆتسکییەکان لەو کاتەدا ئەمەیان بە پاشگەزبوونەوە لە سۆسیالیزم و بە گەڕانەوە بۆ سەرمایەداری ناو زەد کرد و ڕەخنەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**توندییان لێی گرت و بە تەسلیم بوون بە سەرمایەدای ناویان برد , بەڵام باڵی بوخارین پێشوازی گەرمییان لەم چاکسازییانە کرد و داوایان کرد پرۆژە گەورەکانیش بسپێردرێن بە سەرمایەداران (من وحي كتاب فهد-ممارسة لينين الاقتصادية الجديدة-نيب-حسقيل قوجمان –حوار تمدن عدد 814 –24-2-2004 ).**

**پەیرەوکردنی سیاسەتی نیپ لە ئەنجامی ئەو هەلومەرجە خراپەیا بوو کە ئابوری سۆڤییەت و هاوپەیمانییەتی کرێکاران و جوتیاران پێیدا تێپەڕی . ساڵی 1921 کۆی بەرهەمی پیشەسازی سۆڤییەت تەنها 31٪ ی ساڵی ( 1913 )ە بوو , بەرهەمی کشت و کاڵ تەنها 60٪ و گواستنەوە بە شەمەندەفەر ٪25 ....., زۆربەی کارگەو کارخانەکان بە تەواوی لە کار ڕاوەستابوون , ژمارەی چینی کرێکار دابەزی بۆ نیوە ( خەڵك لەبەر برسێتی سەریان هەڵگرت ) , کرێکاران کارخانەکانییان بەجێ هێشت . هاوکات جوتیارانیش ناڕازی بوون بە سیاسەتی کۆمۆنیستی جەنگی و دژبە دەست بەسەراگرتنی بە زۆری خۆراك وەستانەوە (صناعة الدولة في الاتحاد السوفيتي في المرحلة الانتقالية –افداكوف, بورودين –دارالتقدم 1977-ص128-129).**

**ساڵی 1920 پیشەسازی 6بۆ7 جار کەمتر بوو لە پێش جەنگ (جان ايلنشتاين-ترجمة د.مجيد راضي- ظاهرة ستالين-دار المدى – 1996 ل54) , ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر ترسناکە لە بواری ئابوریدا , ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوا کارەساتی مرۆیی بە دوادا دەهات . سۆسیالیزم ئەگەر کاری بووە دابەشکردنی هەژاری بەسەر هاوڵاتییاندا , ئەو کات دەکەوێتە بەر ناڕەزایەتی جەماوەر , بە زەبرو زەنگ نەبێت ناتوانێت خۆی بپارێزێت لەو ناڕەزایەتییانە , کۆرییای باشور نموونەی ئەم سیاسەتەیە .**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لینین له کۆنگرەی 7 ی بەلشەفیکەکان ووتی– سانایە دەسەڵات بەدەستەوە بگریت , بەڵام دامەزراندنی سیستەمێکی سۆسیالیستی گرانە . هەروەها لینین له وەسیەتنامەکەیدا بە پوختی باس ئەوە دەکات له ڕۆژئاواوە فێر بن , سەرمایەداری دەوڵەتی بەکار بهێنن , دژ به بیروکراسییەت بن , هانی بەرهەم هێنان بدەن .... هەموو ئەمانە ژێر خانی سۆسیالیزم دیاری دەکەن , ئەمەش 10–20 ساڵی پێویستە بۆ گەیشتن پێی .

له سەردەمی نیپدا ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری بە دوو ئەندازەی گەشەکردنی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوسای وەك فەرەنسا بوو , جوتیاران بە گشتی ژیانییان باش بووەوە , زۆر کۆمپانیای بچوك دامەزرا , جیاوازی کرێ گەیشتە 1 بۆ 12 .

بوخارین یەکێك بوو لەوانەی بە سەختی داکۆکی له سیاسەتی نیب و چاکسازییە ئابورییەکان دەکرد , دواجاریش بووە قوربانی داکۆکی لەم بۆچونانەی , تەنانەت مەکتەبی سیاسی بەلشەڤ و کۆلاك و جوتیارانی ناوەنجی و پیاوانی نیب (بازرگان , دەڵاڵ , پیشەسازییەکان– ناونرابوون بە پیاوانی نیب) هەموو پێکەوە بوونە قوربانی سیاسەتە ئابورییە نوێکانی پاش ساڵی 1928 , له کۆی 26 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 11 دەهەمین , 17 یان هەڵواسران یاخود زیندانیکران یان شوێنبزرکران (ل141–142 جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی –1996).

بوخارین پێش شۆڕش بە منداڵە خۆشەویستەکەی حیزب ناو دەبرا (جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

–1996        149). لینین  نەك بە بیرمەندی گرنگی ناو پارت ناوی دەبرد , بەڵکە بە خۆشەویستی ناو پارتیشی دەزانی (  جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدى – 1996   –ل 148).

بوخارین لە نوسیەکانی ساڵانی 1928–1929 ی خۆیدا باسی لەوە دەکرد دامەزراندی سستەمی سۆسیالیستی پێویستی بە چەندین دەیەیە , ئەم بۆچونەشی پشت ئەستور بوو بە بۆچونەکانی لینین( ل77 جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدى –1996).

لە سەردەمی نیبدا لە ئەنجامی ئەو چاکسازییانە   بەرهەمی کشتوکاڵ زیادیکرد , بەهەمان شێوە پیشەسازیش پەرەی سەند و چووە سەر( ل46 جان ایلنشتاین-ترجمة د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدى –1996).

کەواتە لەم چەند ڕستەیەوە گەیشتیینە ئەو باوەڕەی ڕیفۆرم و چاکسازیی لە سۆڤییەت پێش چینی میللی و تەنانەت پێش دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی چینی پەیرەو کراوەو مشت و مڕی گەورەی لەسەر بووە و قوربانی گران بەهای بۆ دراوە .

ماوتسی تۆنگ باوەڕی وابوو چین دەتوانێت لە ماوەی 10 ساڵدا لە سەرمایەدارییەوە هەنگاو بنێت بۆ کۆمۆنیزم (بول سمیندي- الاستعداد للقرن واحد والعشرین-ترجمة محمد عبدالقادر –1993 –ص218) .  هەرچەندە ئاستی پێشکەوتنی چین زۆر لە دواوە بوو , وڵاتێکی دوا کەوتوو , ڕێژەی بەشداری پیشەسازی لە بەرهەم هێنانی نەتەوەیی ووڵات زۆر لە خوار بوو , ئەم بۆچونە لەچاو تێڕوانینەکانی لینین بۆ دامەزراندن سۆسیالیزم بە تەواوی پێچەوانە بوو  .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له كاتێكدا خرۆشۆف باسی لەسەر نەكەوتنی ئەزمونی كێڵگە بە كۆمەڵەكان ( كۆلخۆزات) دەكرد لە وڵاتی سۆڤییەت , لەو كاتەدا ماو بڕیاری دا زەوی هەموو بگەڕێنێتەوە بۆ كۆمەڵ – دار الفكر العربي-قاهرة-جولة في الصين- كارل اسكلوند-ترجمة عمر الاسكندري –ص 90).
(ئەو زەوییانەی دران بە جوتیاران هەموو لێیان سەنرایەوەو كران بە موڵكی دەوڵەت) (دارالفكر العربي-قاهرة-جولة في الصين- كارل اسكلوند- ترجمة عمر الاسكندري –ل 91) .

له دوای مەرگی ستالین سۆڤییەتییەكان ئیدانەی سیاسەتەكان ستالینییان كرد . كۆنگرەی بیستی حیزبی شیوعی سۆڤییەتی كە ئیدانەی پەرستنی تاكە كەسی كرد (دەروازەیەك بۆ هزرنامەی لویس ئەلتۆسێر –برتراند ئوجیلفی ل8– كتێبی گیرفان –سەردەم – وەرگێڕانی– سابیر ڕەشید ).

به هەمان شێوە لە سەرەتادا ماو لە ستالین توندڕەو تر بوو بەرامبەر سیاسەتە جیهانییەكان , زۆرمان ئەم ڕستە بەناوبانگەمان بیستووە كە هەرایەكی گەورەی نایەوەو بوە یەكێك لە خاڵەكانی دابڕانی هەردوو وڵات (ئیمپریالیزم پڵنگی سەر كاغەزە) , لە بەرامبەردا ستالین باوەڕی وابوو ڕاستە ئەمپریالیزم پڵنگی سەر كاغەزە , بەڵام هاوكات ددانەكانی ئەتۆمییە.

چاكسازییەكانی سەردەمی بیرۆسترۆیكا لە سۆڤییەت بە سیاسەت دەستی پێكرد , پاشان لەسەر خۆ چووە ناو ئابوورییەوەو بە دزی و تاڵان گەیشت و هەژاری لێكەوتەوە , بە پڕۆژە چووە ناوسیاسەتەوە ڕما بەسەر ئابوریدا . بەڵام چاكسازییەكان لە چین لە سیاسەتدا بە خوێن دەستی پێكرد و لە ئابورییدا بە نەخشە دەستی پێكرد و بە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرکەوتووی گرەوەکەی بردەوە . غۆرباتشۆف بە لیبراڵیکردنی سیاسەت دەستی پێکرد بەڵام ئابوری وێرانکرد , بەڵام دینگ بە لیبراڵی کردنی ئابوری دەستی پێکرد , هەوڵی چاکسازی سیاسی لە تیان مین خەڵتانی خوێن کرد .

ئەگەر بەلای کاك مەلا بەختیارەوە چینییەکان نەرم ڕەو بوونەو تا ئێستا ئەو کەمە نمونەیەی من نەیتوانیبێت ڕاستی بۆچونەکەم بسەلمێنێت , با چاوێك بە پەرتوکی کۆمۆنیزمی ڕەش بخشێنیین , بزانیین قەڵەم بەدەستانی دژ بە کۆمۆنیزم هەڵوێستییان چییە لەسەر ئەم نەرم ڕەوییەی چین و چۆن ئەم جۆرە بۆچونە هەڵ دەسەنگێنن . ئەوان زیانە مرۆییەکانی کۆمۆنیزم لە جیهاندا ئاوا سەر ژمێری دەکەن .

20 ملوێن لە یەکێتی سۆڤییەت , 2 ملوێن لە کەمبۆدیا , 2 ملوێن لە کۆریا , 1,7 ئەزمونەکانی کۆمۆنیزم لە ئەفریقیا , 1,5 ملیۆن لە ئەوروپای ڕۆژهەلات , 1 ملیۆن لە ڤێتنام , 150000 لە کوبا , ژمارەی قوربانییانی کۆمۆنیزمییان لە چین بە 60 ملوێن دیاری کرد , ئەم ئامارەش دوو ئەوەندەی قوربانییانی کۆمۆنیزمە لە هەموو جیهان . واتە قوربانییانی دەست کۆمۆنیزمە نەرم ڕەوەکەی کاك بەختیار دوو ئەوەندەی هەموو قوربانییانی کۆمۆنیزمە توندڕەوەکانە لە هەموو جیهان و سیٚ ئەوەندەی سۆڤییەتە , کە بەشێك زۆر لە قوربانییەکانی سۆڤییەت هی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمە , قەڵەم بە دەستانی بۆرژوازی قوربانییانی جەنگە ڕزگاریخوازانەکانیش بە قوربانییانی دەست کۆمۆنیوم دەزانن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(ابواب-عدد 18-كتاب الشيوعية الاسود-تقديم جورج طرابيشي- دار الساقي ).

نووسەرانی ئەو پەرتوکە هەموو لەو کۆمۆنیستە فەرەنسیانەن لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە گێڕییان گۆڕییەوە .

پارتی کۆمۆنستی چینی وەك پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی پێش سەرکەوتنی شۆڕش لە باڵی سیاسی جیا جیا پێك دەهات . لە پارتدا دینگ باڵی ڕاست بوو ماویش باڵی چەپی ناوەند .( بعض قضايا للمستقبل – تاملات حول تحديات العالم المعاصر-بيروت , دار الفارابي-1990 -ص51 ). بوونی باڵی جیاجیا لە ڕیزی هەر پارتێکدا , شانسی ڕیفۆرم لە کاتی پێویست دەدات بەو ڕێکخستنە .

دوای مردنی ستالین لە کۆنگرەی 20 دا ڕەخنەی توندی لێگیرا . لە چینیش ژنەکەی ماو خرایە زیندانەوە , ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پەرستنی سەرکردە نەبووە لە چین . (بيان 6-3-2004 محمد فراج ابو النور –معجزة الاقتصادية الصينية ). کە پەرستنی سەرکردە نەبێت ئەوا دەرگای گۆڕانکاری والآیە .

## چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالآنی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو(وەلآمێك بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

علی محمود محمد–بەشی یەکەم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



له ولاتانی گەشەكردوو سیاسییەكان خۆیان له باسی ئەو بابەتانه دەپارێزن كه تیایدا پسپۆر نین ، نەك زانیاری تەواوییان پیێ نەبێت لەسەرییان بكەوێت و بە زیانییان تەواو بێت لە ڕاگەیاندنەكاندا ، كەچی لە كوردستان بەپێچەوانەوە سیاسییەكان دەم لە هەموو شتێك دەكوتن ، له فەلسەفەوه بۆ ئابوری ، له زانستەوه بۆ وەرزش ..... .

ساڵی 1992 كلنتۆن لە وەڵامی قسەكردنی بۆشی باوك لە سەر ئابووری ووتی – گەلحۆ ئەمه ئابورییه ئابوری ، پاشان بینیمان چۆن ئابوری سەری كورسیەكەی بۆشی باوكی خوارد و بەریدایەوه و لە هەڵبژاردن دۆڕاندی ، ئابوری بوو كیلنتۆنی 8 ساڵ لەسەر عەرشی دەسەڵاتداری گەورەترین هێزو و دەوڵەمەندترین وولات لە مێژووی مرۆڤدا هێشتەوه ، ئەگەر یاسا نەبوایه 8 ساڵی دیكەشی بە سەرۆكایەتی ولاتە یەككرتوەكانی ئەمەریكاوە بەڕێ دەكرد ، هەموو ئەمەش له سایەی سەركەوتنی له بواری ئابوریدا بوو .

بەڕێز مەلا بەختیار ئەندامی مەكتەبی سیاسی ینك پاش سەردانەكەی بۆ چین زنجیرە نوسینێكی بە چواربەش لە سەرەتای یۆلی 2004 لە ژمارە 3407ی ڕۆژنامەی كوردستانی نویێ بە دواوه بڵاوكردەوه بە ناوی (كۆنەهەواری ئایدیۆلۆژیاو دونیای نوێی تەكنەلۆژیا) .

تا ئێستا چەند كەس لە بەرپرسانی ینك ئەوانەی دەستیان قەڵەم دەگرێت لە بەشداربووانی شاندەكەی بۆ چین لەسەر ئەو گەشتە سیاسییەیان نوسیووه ، بەڵام هیچ كامییان لە نوسینەكانییاندا بە ئاستی بەڕێز مەلا بەختیار خۆیان لە قەرەی بابەتەكە نەداوەو كەم و زۆر بە تەنیشتییا نەڕۆیشتوونە ، بایی ئەوەیان نەوتووە شایستەی ئەوە بێت دوو قسە لەسەر نوسینەكانییان بكرێت و ناوییان بهێنرێت .

لە ڕێگەی ئەم نوسینەوە كە وەڵام و قسەكردنی زیاترە لەسەر هەمان بابەت كە بەڕێز مەلا بەختیار نووسیوییەتی هەوڵە دەم بۆ دانانی بەردێك لەسەر جولاندنی ئەم باس و خواسانە كە گرنگی تایبەتی هەیە ، قسەكردن لەسەر پرۆژەی گەشەكردنی ئابوری بە تایبەت ئەزمونی چین كە وێنەیەكی زۆر سەركەوتووە بۆ ولاتانی دواكەوتوی وەك كوردستان ، بە تایبەتیش بۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئێمەی چەپەکان گرنگی سیاسی و فکری زۆرتری خۆی هەیە بۆ ئەوەی بە ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە سەری بیروباوەڕەکانمانی لەسەر بنیات بنێین . من لەگەڵ ئەو بەشە لە نوسینەکانی بەڕێز مەلا بەختیاردام کە چاکسازی و خۆ نوێکردنەوە بە پێویستی ژیان دەزانێت , بەڵام لەو شوێنەوەی نوێکردنەوە لە بەرژەوەندی یەکسانی مرۆڤەکان نەبێت و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆژەی چەپەکان بۆ گەیشتن بە جیهانێکی دادپەروەرانە لێی جیا دەبمەوەو دژی دەوەستمەوە و ڕەتی دەکەمەوە .

## گەورەکردنەوەی پەیوەندییەکان

هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە گشتی وە ینك بە تایبەتی لە گەورەکردنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆیان ڕۆڵێکی باڵایان هەیە , دەرزی دەکەن بە مێغەنجیر . لەبەر ئەوەی کورد هەمیشە لەو دیو سنورەکانەوە غەدر و موئامەرەی لێکراوە و بێکەس بووە , سەرچاوەی سەرنەکەوتنی خۆشی بۆ موئامەرەی ئەو دیوو سنورەکان و نەبوونی دۆستی بە وەفاو بەهێز و پشتگیری جیهانی زانیووە , بەم هۆیەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بانگەشەی سیاسی بەرامبەر پارتەکانی کە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دەرەوەی کوردستان گەورە نیشان دەدەن , تا لە گەمە سیاسییە ناوخۆییەکانیاندا بە پۆینت بۆ خۆیان لە بەرامبەر ڕەقیبانی سیاسییان بیژمێرێن . لە واقعی ئێستای کوردستانیشدا کە ئابووری خەریکە تەنگ بە سیاسەت هەڵەچنێت , پەیوەندی ئابوری بەهێز لەگەڵ چین دەشێت ببێتە دەرگایەك بۆ بوون بە بازاڕی ناوچەکە , ئەمەش بە قازانجی ئەو لایەنە تەواو دەبێت کە بانگەشەی بۆ دەکات و هەوڵی بۆ دەدات , سەردانی ینك و پدك بەدوای یەکا بۆ چین پشتگیری ئەم بۆچونە دەکەن .

ینك لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا بەوە ناسراوە مێرولە دەکاتە فیل , سڵاو دەکات بە پەیماننامە , کاك بەختیاریش کە لەم قوتابخانەیەوە پێی گەیوەو پەروەردە بووە , لە هەمان میتۆدەوە دەست بۆ قەڵەمە بات و لێو دەجولێنێتەوە. سەیرکەن بزانن چی دەنوسێت :-

(لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دەوڵەتانی ئیقلیمی , یەکەمین لایەنی سیاسی(ینك)ئەم پەیوەندییەی لە گەڵدا دەبەسترێت) .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەی یەك ڕۆژ سەیری تەلەفزیۆنی چین بكات و ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی ئەم وولاتە بخوێنێتەوە , كە من زیاتر لە 3 ساڵە ڕۆژانە چاودێری دەكەم , دەزانێت ڕۆژانە چەندین سەرۆك كۆمار و مەلیك و ئەمیر و سەرۆك وەزیران و سەرۆك پەرلەمان و سكرتێری پارت و وەزیر و وەفدی ئابوری و سیاسی لە سەرتاسەری جیهانەوە سەردانی ئەم وولاتە ئەكەن , بە تایبەتیش سەردانی شارە پێشكەوتووەكانی وەك شەنگەهای و 53 ناوچە پیشەسازییە تایبەتییەكان , تا ئەزمونەكەی بەرنەوە بۆ ولاتەكان خۆیان و كۆپی كەنەوە , ژمارەی سەردانەكان بە ئەندازەی گەورەیی قەوارەی ئابوری و بازاڕەكەی زۆرن . چین یەك پێوەری هەیە بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەرەوەی خۆی ئەویش قازانج و بەرژەوەندی ئابورییە , هیچ كات پێوەری سیاسی ڕۆڵی نەبوە لە مێژووی ئەم دوو دەیەو نیوەیدا لە دیاریكردنی پەیوەندییەكانی دەرەوەیدا جگە لەوەی لە بواری ئاسانكاری بازرگانی بە قازانجی ولاتانی ئەفریقاو هەندێك ولاتی دراوسێی خۆی هەندێك هەنگاوی زۆر پۆزەتیڤی بە قازانجی ئەو ولاتانە ناوە ( چین سیاسەتی باجی سفری هەیە لەگەڵ ولاتانی هەژار بۆ هێنانی كەل و پەلەكانییان بۆ بازاڕەكانی چین ( كەمبۆدیا–میانمار– بەنگەلادیش–لاوس و 27 ولاتی ئەفریقی) هەروەها بەهەمان شێوە 1108 بەرهەمی هۆنگ كۆنگ و 509 بەرهەمی ماكاو دێنە بازاڕەكانی چینەوە بە بێ گومرگ (29–12–2004 شبكة صين).

بەرژەوەندی ئابوریش بریتییە لە بڕی بازرگانی لە ناردەو هاوردە لەگەڵ ئەو ولاتە , چەندە مشتەری باشی ئەوەندە نزیكتری لێمەوە , ئەمە یاسای بازاڕی ئازادە , بەتایبەت ئەو ئازادەی كە كاك بەختیار بە نموونەی موفەزەلی دەزانێت بۆ گەشەكردن . نازانم كاك مەلا بەختیار ئاماری پەیوەندی بازرگانی كوردستان و چینی لایە تا لە ڕێگەیەوە ئەو پەیوەندییە دوو قۆڵییە بەهێزەی نێوانیانمان بۆ بسەلمێنێت , كە ئاكاتە قەترەیەك لە چاو بازرگانی چین لەگەڵ هەر یەكە لە ولاتانی ناوچەكە .

لە بواری سیاسییشدا لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا سەرۆكانی وولاتانی سوریا , ئێران, توركیا , سعودییە سەردانی چینییان كردووە , سەرۆكی چنیش بە هەمان شێوە سەردانی سعودییە , ئێران , توركیای كردووە .

مەلیك عەبدوڵلە كە لە 7–2–1999 وە هاتۆتە سەر عەرشی مەلەكی ئوردونی 6 جار سەردانی چینی كردووە (26–7– 2004 شینخوا).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەیوەندییە ئابورییەکانیش جگە لەوەی پەیمانامەی دروستکردنی بازاڕی ئازاد مۆرکراوە لەگەڵ وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بڕی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانیش لە نێوان چین و ئەم وڵاتانە بەم ئەندازەیە بووە کە ئێستا گەلێك لەمەی من بە نموونە هێناومەتەوە زیاترە .

چین–سوریا ساڵی 2003 ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانییان گەیشتە 500 ملیۆن دۆلار (21–6–2004 شبکە صین).

چین–ئێران ساڵی 2001 ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات گەیشتە 3,3 ملیار دۆلار (18–3–2002 شینخوا) . هەروەها چین 70 ملیار دۆلاری سەرمایەگوزاری کرد لە ئێران لە ساڵی 2004 و 8 ملیاریش لە سودان (شرق اوسط 7-1-2005) , چین ئەم 70 ملیار دۆلارەی لە پرۆژەی غازی باشوری ئێرانی سەرمایەگوزاری کرد(2–1–2005 شرق اوسط) , ئەمەش وەك پێویستییەکی زۆری چین لە داهاتوودا بە وزە بەهۆی گەشەی بەرزی ئابورییەکەیەوە , ئەمەش گەورەترین سەرمایەگوزارییە چین لەو دیو سنورەکان خۆیەوە دەیکات لە مێژوی خۆیدا .

چین–تورکیا ساڵی 2000 ئاڵو گۆڕی بازرگانی نێوانییان گەیشتە 1,2 ملیار دۆلار 19–4–2002 شینخوا) و(15–6–2003 شینخوا).

چین–کوەیت ساڵی 2003 ئاڵو گۆڕی بازرگانی نێوانیان گەیشتە 1,188 ملیار دۆلار (شبکة صین 5–4–2004).

چین –سعودیە لە 10 مانگی یەکەمی ساڵی 2003 بڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات گەیشتە 5,3 ملیار دۆلار (11–12–2003 حیات).

هیوادارم کاك بەختیاریش بتوانێت لیستێکی کە لە پەیوەندی بازرگانی چین لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و خۆیان بڵاوبکاتەوە تیایدا جێگەی ئەوە بکاتەوە کە پەیوەندی چین لەگەڵ ینك لە پێش هەموو ئەم وڵاتانەوەیە .

هەرچەندە کوردستان بە هەردوو بەشەکەیەوە تەنانەت هەموو عێراق ئێستا بە تەواوی بۆتە پاشکۆی بازاڕی چین, ئەم پاشکۆیەتییەش یاساکانی بازاڕی ئازاد و هەرزانی کەلوپەلەکانی چین دروستی کردووە نەك لایەنێك ڕۆڵی تێدا هەبێت , گەشەکردنەکە نەخشە داڕێژراو نییە و کۆنترۆڵ نەکراوە لە لایەن هیچ لایەنێکەوە , بەڵکە بەشێوەی ئانارشیستانە دەچێتە پێشەوە .

هەوڵم دا بە دوای هەواڵی ئەو سەردانە مێژوویەدا بگەڕێم کە وەفدی ینك بۆ چین ئەنجامی دا کە کاك بەختیار بەبێ وێنەی نیشان دەدا لە ناوچەکە تا لە ڕاگەیاندنی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چینی بیخوێنمەوە , بزانم گەرمی پێشوازییکردنەکە لەو ئاستەیە کاك بەختیار باسی دەکات ؟؟؟ , بەڵام ئەقڵی کۆمپیوتەرەکەم و توانای گۆگۆڵ لە ئاستی دۆزینەوەی هەواڵەکەدا نەبوون .

حکومەتی چیینی لە شاری پەکین بە سەرپەرشتی پارتی کۆمۆنیستی فەرمان ڕەوا لە بەرواری 3-9-2004 بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کۆنگرەیەکی ڕێك خست بۆ سەرجەم ئەو پارتە سیاسییانەی کە لە ئاسیادا پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیە.

83پارتی سیاسی لە 35 وڵاتەوە بەشدارییان کرد لە کۆنگرەی پارتە سیاسییەکانی ئاسیا (شینخوا 5-9-2004) , بەڵام نە ینك و نەهیچ پارتێکی سیاسی کوردستانی و عێراقیش بانگهێشتن نەکرابوون بۆ ئەو کۆنگرە بەرفراوانە , ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە هێشتا چین هیچ کام لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقی لە بازنەی دۆستە نزیکەکانی خۆی ناوزەد نەکردووە , گرەو لەسەر داهاتووش ناکەم .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com